# ژن لە بلوور ناسکترە ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبێ گورگەکەو کۆمەڵگا ئەیخۆن

## رۆژ هەڵەبجەیی

بۆ تۆێسناک



**رۆژ هەڵەبجەیی کەسێکی نامۆ نیە بە خوێنەران و دەنگێکی تایبەتی ژنانەیە کە شیعر دەنووسێ و بەزەردەخەنە هەمیشەییەکانی وێنەیەکی وات لەلا دروست دەکات کە بەختەوەرترین کەسێکە لەسەر ئەم گۆی زەوییە، بەڵام کە دەیکەیتەوەو لەسەر رابردووی ژیانی خۆی دەئاخڤێ واهەست دەکەیت لەبەردەم کەسێتییەکی تر دانیشتوویت کە تەواو جیاوازە لەو کەسێتییەی کە لە دوورەوە دەیناسیت. رۆژخان بەهەوڵ و تێکۆشان و زیرەکی خۆی ئەمرۆ بۆتە خاوەن دەنگێك کە تا ئێستا چەندین خەڵاتی وەرگرتوون لە پای ئەو بەرهەمە ناوازانەی کە لە فیستیڤاڵەکان پێشکەشی کردوون، بۆیە زۆر مەبەستمان بوو کە ئەم شاعیرە لاوە بەسەربکەینەوەو زۆر خاکیانە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سازداو ئەویش راشکاوانە و بەوپەڕی جەرائەتەوە وەڵامەکانی داینەوە.**

**سازدانی دیمانە: حەسەن، محەمەد، کارۆخ**

***حەسەن مستەفا: خاتوو رۆژ بەلای تۆوە ژیان لەکوێ دەستی پێکرد، ئەو ساتەی هاتوویتە دونیاو بەگریان پێشوازیت لێکرد یان بەهاتنە نێو جیهانی منداڵیت کە لەوێ سادە بووی یان ئەو دەمەی سەرتکرد بەماڵی شیعرداو لەپەنجەرەکەیەوە بەدیار وشە رەنگاڵیەکانی شیعردا زەمەن ساتێکی پێبەخشی کە پڕبوو لەبەرائەت و موحیببەت لەوێ هەستت بەکرانەوە کرد و بەرووی ژیانا پێکەنیت.***

ئەگەر بگەڕێینەوە بزانم چۆن لەدایك بوومە، بە پێکەنین یان گریان ئەویان نازانم، منال جیهانێکی زۆر پاکە، دوورە لە درۆی گەورەکان، بەڵام ئەوەندەی من هەستم پێکردبێ منداڵێکی گێژنەبووم، وەکو ئەگێڕنەوە منالێکی زیرەك و وریا بووم، ئەگەر بگەڕێمەوە بیرەوەری منالی رۆحیانەتی ئەدەبی هەر لەمنا هەبووە، کاتی خۆی کە باران ئەباری ئێستایش زۆرم پێ جوانە، پێموایە جوانی هەموو وەرزەکان لە زستان خۆی دەبینێتەوە، کە دایکم ئەیوت: رۆژە مەڕۆرە دەرەوە، منیش ئەموت: ئەچم چاوی مانگ ئەدۆزمەوە، ئەیوت: چاوی مانگ چیە؟ ئەموت: مورووە شینەکەیە کە لە جۆگەلەکان ئەیدۆزمەوە، لەوێوە سەیری ئەو قسەیە بکەن کە من کردوومە، ئەتوانم بڵێم لە خوێندنگای سەرەتایی هەمووی یەکەم یان دووەم بووم، بەڵام لە خێزانێکی نەخوێندەوار هاتوومەتە دنیاوە، خۆم خۆمم دروستکرد، دایك و باوکم نەیان ئەزانی لە پۆلی چەند دەخوێنم، هەردووکیان نەخوێندەواربوون، هەموو جارێ ئەیانوت: رۆژە ئەچی بۆ مەکتەب تۆ لە چەندای، دایك و باوکم زۆر حەزیان ئەکرد ببم

به ماموٚستا، ئەوەبوو باوكم هەموو شتێكی بوٚ تەواو كردبووم، كە سێی ناوەندیم تەواوكرد یەكسەر چوومە پەیمانگای پێگەیاندنی ماموٚستایانەوە، بێئەوەی ئاگام لێی بێت، ئەیانوت: توٚ ئەبی بە ماموٚستا هیچمان ناوێت، بیریان لەوە نەئەكردەوە كە كچەكەیان زیرەكە، یا با زانكوٚ تەواو بكات وەكو كچەكانی دیكە بەهەرحاڵ سوپاسی ئەو دایكو باوكە ئەكەم كە منیان پەروەردە كرد، هەرچەندە نەخوێندەواربوون، بەڵام خوٚم خوٚم دروستكرد، هەر لەو خێزانەدا روٚحێكی ئەدەبی لە منا هەبوو، باوكیشم زوٚر حەزی لە شیعرەكانی مەولەوی و هەورامی بوو، بوٚی ئەخستمە سەر زاراوەی سوٚرانی وەك شیعرەكانی ئەحمەد موختاربەگی جافو قانعی ئەدا بە گوێما، ئەیوت: قانعو ئەحمەد موختار جاف وایان وتووە، ژیانی ئەوانی بوٚ ئەگێرامەوە، ئەتوانم بڵێم خوڵقیەتی ئەدەب كە لەمنا دروست بوو خوٚم بووم، دووهەم لە باوكێكی ئەدەب دوٚست واتە فێری ئەوەی كردم كتێبی دەرەوەشم خوٚش بوێت، كە لە خوێندنگا بووین كوٚمەڵی كچی بچكوٚلە بووین، بەیانیان ئەروٚیشتین بوٚ مەكتەب لە یەكی سەرەتاییەوە هەتا ئەچووینە خوێندنگا گوٚرانیمان ئەوت: ئێستاش ئەوە بیرەوەریەكی جوانە، خوایە وەتەن ئاوا كەی، خوێندنگاكە دوور بوو لێمانەوە ئێمە لەگەرەكی كانی عاشقان بووین، خوێندنگاكەشمان شاهوٚی ناوبوو، نیو سەعات لەماڵان دوور بوو، بە كوٚمەڵ ئەچووینو ئەگەراینەوە ماڵ، هەروەها بیرەوەری مانگەكەم لەبیر ناچێت قەت، ماموٚستایەكمان هەبوو لەشەشی سەرەتاییدا شیعری پێ لەبەردەكردینو پێی ئەنووسینەوە ئینجا دێرێكی ئەسریەوەو دێرێك ئەما، بەو شێوەیە شیعری پێ لەبەر ئەكردین من ئەتوانم بڵێم لەو چل دەقەیەدا شیعرەكەم لەبەرئەكرد. یانی زیرەكیەكەم ئەوەندە زاڵ بوو بەسەرما، بەتایبەتی نەم ئەزانی ئەدەبیو زانستی چیە؟ ئەو دەرسانەی شیعرو سروود بونایە من زوو لەبەرم ئەكردن، زوٚربەی شیعری شاعیرەكانیشم لەبەرە، وەك شیعرەكانی ئەحمەد موختار جاف، قانعو گوٚرانم لەبەرە،

## "گوٚران كە ئەچێتە گەشتی هەورامان بەهەشتێك ئەخوڵقێنێ، لەوە ئەچێ كە روٚژ هەڵەبجەیی بچێتە هەورامان بە دوٚزەخێكی بچوێنێ"

ئەمەش ئەگەرێتەوە بوٚ مناڵیم كە لەبەركردن زوٚر تیا بەهێز بووە، لەبیركاریو وانەكانی تریشا باشبووم، بەڵام ناگەیشتە ئەو ئاستەی وەكو جوگرافیاو مێژوو ٩٥- ١٠٠م دەهێنا، هەر لەمناڵیەوە روٚحە ئەدەبیەكە لە منا خوڵقابوو، بەڵام خوٚ بەهرە شەرت نییە، لەدووەمی ناوەندی دەركەوتو تەقییەوە كە پێی ئەوترا روٚحێكی ئەدەبی، شیعری ستوونیم ئەنووسیو لاسایی ئەحمەد موختار جافو قانعم ئەكردەوەو پێشانی باوكم نەئەدا نەوەكو لێمبدا، ئەوەبوو لە ١٩٨٦ لەسەرەتایی پەیمانگای ماموٚستایان بووین تەمەنم لەنێوان ١٥-١٦ ساڵ ئەبوو یەكەمین شیعری ئازادم نووسی بێ تەقلید.

***حەسەن مستەفا: توٚ نەوەیەكی سەر بە مێژووی كارەساتە توٚقێنەرەكانی نەتەوەی، بەناوەكەشتەوە نازناوی هەڵەبجە هەیە، توٚ هەڵەبجە وەك جوگرافیایەك دەبینیو ژینگەیەك بووە بوٚ تێدا لەدایك بوونت یان هەڵەبجە مانایەكی ترت پێ ئەبەخشی؟***

پێش هەموو شتێ پێمان ئەڵێن نەوەی دوای راپەرین، سەردەمی دوای راپەرین لە دایك بووین لە بواری ئەدەبا مەبەستمە، من خوٚم پێم ئەڵێن روٚژ هەڵەبجەیی لە نازناوەكە خەڵكی ئەو شارەم بە جوگرافیا خەڵكی ئەو شارەم تێیدا لەدایك بووم، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیشم تەواوكردووە لەو شارە زوٚر بیرەوەری جوانی لەلای من هەیە، یەكێ لەوانە بیرەوەری مناڵیمە كە ئەچووینە خوێندنگا، ئەتوانم بڵێم قووتابیەكی زیتەڵو هار نەبووم، بەڵێ ئەو شارە زوٚر بیرەوەری هەیە، بەڵام بیرم نایەت ئەو شارەم خوٚش ئەوێت، ئەتوانم بڵێم ئەو شارە وەكو چوٚن هوٚلوٚكوٚست بووە هوٚی ئەوەی دەوڵەتێك بوٚ جوولەكە دروست بكات، هەڵەبجەش بووە هوٚی ئەوەی كە كورد بناسرێتو ئاورێكی لێبدرێتەوەو بەچاوێكی مروٚڤ دوٚستی سەیر بكرێت، هەڵەبجە مەرگەساتێكە لە دڵی منو بوٚ هەموو كوردێكا مەرگەساتە مومكین نیە لەبیری بچێت هەر كوردێك هەڵەبجەی لەبیر بچێت كورد بوونی خوٚی ون ئەكات.

***حەسەن مستەفا: لەوێ ژیانت بەسەربردووە و قوربانییەكی زوٚریشت داوە . توٚ وەكو كەسێك كە هەستێكی شاعیرانەت هەیە، هەستت چوٚنە بەرامبەر كارەساتەكەو شەهید كەوتنی خەڵكەكەی ، بەتایبەت كە كەسە نزیكەكانی خوٚت بەركەوتوون و شەهید كەوتوون؟***

پێموایە هەمیشە كارەساتو خەمە گەورەكان شیعری گەورە دروست ئەكەن، وەكو ئەوەی كاك شێركوٚ بێكەس ئەڵێت: كە "دەربەندی پەپوولە"ی نووسیوە، ئەگەر گرنگیەكی گەورەی نەبوایە نەئەنووسرا. كەواتە ئەگەینە ئەوە شكستێكی گەورەو خەمی گەورە شیعری جوانو گەورە ئەنووسێت، بەڵێ من لەو شارەیەدا بووم كارەساتەكەم بەچاوی خوٚم بینیووە، فروٚكەكەكانم ئەبینی كە باڵەفرەكان ئەیاندا لە پاسدارەكانەوە ئەوەندە نزیك بوون، ئەچوومە سەربان هەر جارەی ئەچوومو ئەهاتمە خوارەوە نەئەترسام. كەسێكی چاو قایم بووم، قەت لە مردن نەترساوم، بەڵام خوشكو براكانم نەدیووە، كە قوربانیمان داوە لەو شارەدا مردنو دایكو شەش خوشكو برام شەهیدبوون، نەمدیوون لە كرماشان چاوم كردوٚتەوەو

ژمارە ١١
ئازاری ٢٠٠٨

پاسدار هەڵیگرتووم بەهەر حاڵ هەڵەبجە شیعریەتی بۆ من زیاد کرد، چونکە ئەوە خەمێك و شکستێکی گەورە بوو، ئەو کارەساتانە پێموایە لەهەموو جیهان بەرهەمی ئەدەبی قووڵتر ئەکاتەوە، ئەدەبی خەیاڵ فراوانتر ئەکات، بیکاسۆمان هەیە ئەگەر شەڕی ناوخۆی ئیسپانیای نەدیبایە، ئەو شێوەکارە جوانەی لێ دەرنەئەچوو، یان خوێندنگای عەبەسی و دادایمان هەیە ئەگەر شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی نەبووایە ئەو خوێندنگاو ڕێبازە دروست نەئەبوون، هەموو ئەمانە شکست و ناخۆشی و دەربەدەری بەرهەمی ئەدەبی قووڵتر ئەکەنەوەو زیاتری ئەکەنەوە.

***حەسەن مستەفا: لە قسەکانتا وا دەرئەکەوێ شتێکی تایبەتت هەیە بەرامبەر هەڵەبجە، ڕێککەوتووە لە چامەیەك یان لە پارچە شیعرێکا وێنەیەکت خستبێتە توێیانەوە کە تایبەت بێ بەم مەرگەساتە؟***

من شیعری زۆرم بۆ هەڵەبجە نووسیووە، چوار کۆمەڵە شیعرم هەیە، لە هەر چوار کۆمەڵەکەیان، شیعرم بۆ هەڵەبجە نووسیووە، دوایین شیعر کە لە شاری سنەی خۆشەویست خوێندمەوە "هەشتاو هەشت زەردەخەنەی هەنار بۆ لێوی هەڵەبجە" بوو، زۆربەی ئامادەبوان دەستیان کرد بە گریان، بۆ خۆم شەرمەزار بووم ئەو خەڵکەم خستە گریان بەدەست خۆم نەبوو کە فرمێسکم بە چاوما هاتە خوارەوە، لەو کۆمەڵەیەی چوارەما "سەردەمێ لە بێدەنگی"م نووسیوە، کە ئەوە بۆ ئەو مۆنۆمێنتە جوانەم نووسی کە سووتانیان، ئەوەبوو کە ئەوەش دەستێکی تێدابوو بۆ وێرانکردنی هەڵەبجە.

***حەسەن مستەفا: سروشت بەلای تۆوە چ ڕەنگدانەوەیەکی هەیە، یان ئەکرێ باسی ئەزموونی ئەوانەمان بۆ بکەیت کە قووڵ بوونەتەوە لە ناو سروشتا بەتایبەتی شاعیرە کوردەکان و وێنەی شیعری جوانیان هەڵێنجابێ بە ئێمەیان بەخشیبێ؟.***

بەڵێ، ئەگەر لاپەرەکانی مێژوو، ئەدەب و فەلسەفە هەڵدەیێنەوە، یەکێ لەوانە فەیلەسوف، ئەفلاتون بووە باسی کردووە شاعیر لاسایی سروشت ئەکاتەوە، لەبەرئەوە بە داهێنەری نازانم، بۆیە تەماشا ئەکەین لە کتێبی "کۆماری" ئەفلاتون بە شێوەیەکی باش باسی شاعیرمان بۆ ناکات، شاعیر بمانەوێ و نەمانەوێ سروشت چەمکی شیعرەکانیەتی چەمکی گەورەی شیعرەکانییەتی، بەلام لێرە نابێ لێرە کە باسی گوڵێك ئەکەی هەروەکو خۆی بیهێنیەوە ناو شیعرەوە، بۆ نموونە گۆرانی شاعیرمان هەیە، شاعیرێکی سروشتی بووە، سروشتی گواستۆتەوە نێو شیعرەکانی، بەلام ئەوە ناگەیەنێ کە لاسایکەرەوەیەکی شیعر بێ، بەلام لەهەمان کاتیشدا سروشتی بە جوان زانیووە، بەلام سروشت بێ بزەی ژن و مرۆڤ لای گۆران ماهییەتی نەبووە، لای شێرکۆ بێکەس ڕۆح ئەکرێتە بەر سروشت، بۆ نموونە: درەختێك قسەی لێ دروست ئەکا، درەختێك و ملوانکەیەك و شاخێك قسە ئەکا، دەشتێك گۆرانی ئەڵێ، لای بێکەس گۆرانێکی تر بەسەردا دێت، لەلای گۆران نەیتوانی ڕۆح بکا بە بەریا، بەلام شێرکۆ بێکەس توانی ئەمە



بکات و وەکو ئینسانێك سەیری سروشت بکات، ئەمە گەورەیی شێرکۆ بێکەسە، کەتوانی ئیش لە زمانا بکا.

***حەسەن مستەفا: بەو مانایەی گۆران سروشتی بەشێوەیەکی ستاتێکی وەرگرتووە، بەلام شێرکۆ بێکەس هات، تەوزیفی کردووەو ڕۆحی پێ بەخشیووە، وایە. بەختیارعەلی دەڵێ: شیعر پێکراو بەسەر یەکەوە نادۆزرێتەوە، بەڕای تۆش ئەمە وایە، شیعر هەمووی بەیەکەوە نایەت لەوانەیە مانگێك یان ساڵێك بەدیار قەسیدەکەیەوە دابنشیت نەك لەشەوێکا بێت و خەیاڵت بۆ شیعرێك بچێت و هەر بەو شەوە کۆتایی پێ بێت؟***

سەبارەت بە شاعیرەکان جیاوازی هەیە، هەمووی وەك یەك نییە، من هاوڕێم هەیە ئەڵێ: ڕۆژە بەشەش مانگ قەسیدەیەك ئەنووسم، ئەو قەسیدەی خوێندمەوە لە ڤیستیڤاڵی یانزەهەمینی گەلاوێژدا، بەسێ شەو نووسیم کە ڕەمەزان بوو، ئەو قەسیدەیە دەرچوو کە جەماوەرێکی زۆری هەبوو، چۆن پەنجەکانی دەست نابن بەیەك ڕۆحیەتی ئەو شاعیرانە وەك یەك نین، هەر یەکێکیان تەقسێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەلام بە

"جارێکیان شێرکۆ بێکەس پێیوتم: ڕۆژە هێشتا پێ نەگەیشتووی، منیش وتم: ئەوەنییە کاك شێرکۆ پێگەیشتووم و بوومەتە کچێکی تەواو؟ وتی: نا، هێشتا نەگەیشتووی، مەبەستم شیعرەکانتە ئەبێ تۆ وەکو هەڵوژەکانت لێبێت کە دەستیان لێبەیت گەیشتووبن"



# هەڵەبجە شیعریەتی بۆ من زیادکرد

نسیبەت ئەو قسەیەی کاك بەختیار عەلیەوە من پێموایە بۆ شتێکی تر ئـەڕۆم، پێموایە فروخ قسـەیەکی جوانی هەیـە دەڵێ: شـیعر وەکو مرۆڤ وایـە دەبێ باڵق بێ، جارێکیان شـێرکۆ بێکەس پێیوتم: رۆژە هێشتا پێ نەگەیشتووی، منیـش وتم: ئەوەنییـە کاك شـێرکۆ بێکەس پێگەیشتووم‌و بوومەتە کچێکی تەواو، وتی: نا، هێشتا نەگەیشـتووی‌و مەبەستم شیعرەکانتە ئەبێ تۆ وەکو هەڵوژەکانت لێبێت کە دەستیان لێبەیت گەیشتووبن.

***کارۆخ فەهمـی: ئەگـەر دلاوەر قەرەداغـی شـاعیری شـتە بچووککراو و فەراموشـکراوەکان بـێ، محەمـەد عومەر عوسمان شـاعیری پایـزو غوربەت‌و تەنهایی بێ، شـێرکۆ بێکەس شاعیری زامە قووڵەکانـی نەتەوەبێ، ئیش بکا لەسـەر تراژیدیـا، شـتێك‌و تایبەتمەندیەك هەیە لە رۆژخان وەك ئەوان؟***

هاورێیان‌و شـاعیرانی وەك لەتیف هەڵمەت‌و شـێرکۆ بێکەس ئەڵێن رۆژ شـاعیری وێنەییە، ئەگەر ناویشـم بەسەر شـیعرەکانمەوە نەبێ، خەڵك ئەزانێ ئەوە شیعری رۆژە.

کارۆخ فەهمـی: هەسـت ئەکـەم تایبەتمەندییـەك لە شـیعری رۆژا کە جیای ئەکاتەوە لە هاورێکانت، ئـەم تایبەتمەندییە چیـە لەگـەڵ شـاعیرانی پێـش خـۆت، ئایا کاریگەری کەست بەسەرەوەیە؟

ئەڵێم شیعر وێنەی تێدانەبێ شێرکۆ بێکەس قسـەیەکی هەیە لەسـەر ئەوە، هەر شیعرێك وێنـەی تێدانەبـێ لە ژووری تاریـك ئەچێ، یەعنی بە شـیعری قەبوڵ نەکام منیش بەوە بەناوبانگـم وێنە دروسـت ئەکـەم ئیتر ئەو وێنەیە لەهەر چیەك دروستی بکەم، دروستی ئەکەم لەپەنجەرەو ئینجانایەك.

***کارۆخ فەهمـی: هەوڵێـك هەیـە بـۆ جیاکردنەوەی شیعری نێرینەو مێینە، ئایا کە دەنووسی بیر لە مێیەتی خۆت دەکەیتەوە؟***

ئەمـە ئەگەڕێتەوە بۆ خەیـاڵ، من مرۆڤم،

مرۆڤیش ئەگەڕێتەوە بۆ کولتوورەکەی، مرۆڤایەتیش نێرومێ ئەگرێتەوە، بەڵام ئەمە بەنیسبەت خەیاڵەوە دەور ئەبینێت، تەماشا ئەکەی گۆران شاعیرێکی نێرە، پیاوە کە ئەچێتە گەشتی هەورامان بەهەشتێك ئەخوڵقێنێ، لەوە ئەچێ کە ڕۆژ هەڵەبجەیی بچێتە هەورامان بە دۆزەخێکی بچووێنم، پێموایە مەسەلەکە تەنیا خەیاڵە، چونکە جەستەی گەورەی شیعر خەیاڵە، شیعری ئەمرۆش، تەماشا ئەکەین شەڕ کردنێکە لەگەڵ واقیعێك و هەموو شتەکان لە واقیعەوە ئەگۆڕێنەوە بۆ خەیاڵ، ئەگەر نەتوانی هەموو واقیع بگۆڕیتەوە بە خەیاڵ، پێموایە کۆپی واقیعیەتەکەیەتی شیعری ئەمڕۆش کۆپی واقیع ناکرێ، ئینجا لەوێوە تەنیا خەیاڵ، هەرگیز حەزناکەم شیعرم بخرێتە ئەوەی ژنانەوە خۆم کچێك نیم فێمێنیست بم، لەگەڵ ئەو ڕێبازەشدانیم، ئێمە بە پیاوانەوە جوانین.

**کارۆخ فەهمی: ئەو خەڵاتانە چین کە تا ئێستا ڕۆژ هەڵەبجەیی وەریگرتوون؟**

تائێستا حەوت خەڵاتم وەرگرتووە، سێ جار یەکەم بوومە، سێ جاریش دووەم بوومە، جارێکیش سێیەم، ئەم خەڵاتانە لە فێستیڤاڵەکانی گەلاوێژو ڕۆشنبیرو ژنان بووە، جارێکیان لە فیستیڤاڵی ژنان دووەم بوومە، میدالیای ئالتونیشم هەیە، پێنج میسقاڵ ئەبێ و وێنەی هەژار موکریانی لەسەرە، فێستیڤاڵەکە هەر بەناوی شاعیرەکەوە بوو، وەك شاعیرێکی بەهرەمەند.

**محەمەد گەلاڵەیی: وەك کچێکی شاعیر لەناوەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکەوە تووشی گرفت نەبوویت، بەهۆی ئەوەی کەسێکی تێکەڵاویت زۆرە لەگەڵ کەسانی دیکەدا.**

من کچێکم لەناوەندەکەیا، زۆرم پێ ئەڵێن لە ڕاگەیاندن ئیش بکە، سێ مانگ لە ڕادیۆی هەرێم ئیشمکردووە بەرنامە پێشکەش ئەکرد، تەماشا ئەکەم زۆر کێشەم بۆ دێتە پێشەوە، ژن لە بلوور ناسکترە ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبێ گورگەکەو کۆمەڵگا ئەیخۆن(لەگەڵ ڕێزم بۆ پیاو) ئینجا ژن و کچ خۆی ئاگای لە خۆ بێ، ئەگەر نا پیاوی ڕۆژهەڵاتی هەر ڕۆژهەڵاتییە، بەداب و نەریتی خۆیەوە بەندە، با ڕۆشنبیرو ڕۆشنفکریش بێ، ئەو ناتوانێ داب و نەریتەکانی خۆی لەناو بەرێت ئایا ئەتوانی بیری ڕۆژهەڵاتی لە بیر خۆی بەرێتەوە، لەبەرئەوە ئەگەر بچێتە ئەورووپا کچەکانیان ئەکوژن، چونکە ئەو دابە لە مێشکیاندا هەر هەیە، تەحامولی ناکەن منیش کچێکی ڕۆژهەڵاتیم، بەداب و نەریتی خۆم پابەندم، بەڵێ کێشەی زۆرم هاتۆتە ڕێگا.

**محەمەد گەلاڵەیی: وەکو چی؟**

کوڕێك خۆشی ئەویم پێم ئەڵێ و منیش حەزی لێناکەم، هەر ئەڵێ دەبێ شووم پێ بکەیت، جاری وایە مەسەلەکە ئەگاتە ئەوەی نەك شەڕی لێ ئەکەوێتەوە دوو سێ برادەرم هەیە چارەسەری ئەکەن.

**محەمەد گەلاڵەیی: بۆ حەزی لێناکەیت؟**

ڕۆژ هەڵەبجەیی: تۆ حەز بە خواردنێك نەکەی نایخۆیت، منیش وا.

**حەسەن مستەفا: ڕۆژخان کام شیعر بۆتە تارماییەك لەلات جێتهێشتبێت، کام شیعریشە کە بەردەوام دەتەوێ لەبەرخۆتی بڵێیتەوە؟**

دیوانی یەکەم ئەگەر عەقڵی ئێستام بوایە بڵاوم نەئەکردەوە، شتی جوانی تێدایە کە من سەیری دیوانی یەکەمم ئەکەم غەدرێکە کردوومە لە ئەدەبی کوردی، بەڵام کە دیوانی دووەمم دەرکرد کەم غەدرم لە ئەدەب کردووە، کە سەیری سێیەم دیوان ئەکەم ئەبوایە باڵق بومایە، لە دیوانی چوارەمم پێگەیشتنێکی تەواوە.

**حەسەن مستەفا: ئەگەر شیعر سەر بە ئەزموونی بەکارهێنانی ئەوانەی پێش خۆمان بێت، تۆ لە ئەزموونگای کام ئەمانە فێربوویت؟**

من کە هاتمە شاری سلێمانی یەکێ لەهاوڕێ خۆشەویستانە جەمال غەمبار بوو، لەتیف هەڵمەتیش، بەڵام شیعری جەمال غەمبار کاریگەری زۆر بەسەر منەوە هەیە، ئەزموونی جەمال غەمبارو شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی، ئەتوانم بڵێم لەنێوان بەختیار عەلی و شێرکۆ بێکەسدام.

**حەسەن مستەفا: ئێستا ئەو هاوڕێیانەی تۆ شیعر دەنووسن و هاوشانتن و یان لەخوار تۆن، کامیان بە نزیك لەخۆ دەبینی؟**

ئەوانەی بە هاوتەریبی خۆمیان ئەزانم، ئاری عەبدول لەتیف و عەلی پێنجوێنی محەمەد کوردۆ و دانا عەسکەر.

**محەمەد گەلاڵەیی: بۆ تا ئێستا شووت نەکردووە؟**

من پیاو وەك هاوڕێ سەیر دەکەم، پێموایە ئەو جەستە جوانەی خۆم، ناخەمە دەست پیاوێك و بێز لەخۆم ئەکەمەوە.

**محەمەد گەلاڵەیی: بۆچی ئەم بێزە لە پیاو ئەکەیتەوە؟**

پێموایە پێشێلم ئەکات، وام لێبکات کوڕێك دەستم بگرێت، پیاوان لە پڕ ماچم ئەکەن ها ئەوکاتەی هاتینە دەرەوە لە فیستیڤاڵ تا ئێستا زۆر پیاو ماچیان کردووم، بەڵام ناڵێم لە خۆیان دوور ئەخەمەوە، دەڵێن وەکو کچی خۆمان حەز ئەکەین ماچت بکەین.

**محەمەد گەلاڵەیی: زۆر بە جووڵە و بە عەبەسیەتەوە دیاری؟**

ئەمە هەر لە منداڵییەوە وریاو زیتەڵە بوومە، ئەو هەستەم تێدابووە، باوکم ئەڵێ یەك کچم هەبووە، ئاوا وریا بێ.

**محەمەد گەلاڵەیی: ئایا شیعرت بۆ دایك و باوکت نووسیوە؟**

لە هەندێ شیعردا تێمخستوون، بەڵام بەتایبەتی بۆم نەنووسیون، تەنیا لەو وێنانەی ناو شیعرەکان نەبێ کە لە دایك و باوکم ئەچن.

**محەمەد گەلاڵەیی: بێ لەوەی کوڕان پێت ئەڵێن خۆشم ئەوێی، ئەی داوای شیعرت لێناکەن؟**

من لە ناوەندەکەیم کوڕ هەیە ئەڵێ: ئەگەر شووم پێ نەکەیت خۆم دەکوژم.